# محازەرەی سێیەم

## تیۆرەکانی فێربوون - تیۆری باڤلۆڤ (1849 - 1936)

### * تیۆرەکانی فێربوون:

تیۆرەکانی فێربوون هەولێکن بۆ راڤەکردنی ڕەفتاری مرۆڤ بە ئامانجی ڕێکخستنی مەعریفەو ڕاستیەکان لەبارەی فێربوونەوە. هەروەها دەشتوانێت هاوکار بێ لە تێگەیشتن و پێشبینیکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤ.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی باش لە پرۆسەی فێربوون تێبگەین, ئەوا دەبێت شارەزای سەرجەم ئەو تیۆرو بۆچوونانە ببین کە دەربارەی فێربوون هەن و سوود لە باشیەکانیان وەربگرین.

هەروەها سەرجەم تیۆرەکان تەواوکەری یەکترین و هەر یەکەیان کەمووکووڕی ئەوی تر پڕدەکاتەوە, واتە تیۆرەکانی فێربوون:

- ئەو تیۆرانەن کە باس و وەسفی ئەو چۆنیەتیانەی تاکەکان دەکات کە پێی بەدیاردەکەون و لێك جیادەکرێنەوە بەگوێرەی ئەوەی کە چەند فیربوون.
- تیۆرەکانی فێربوون گرنگی بە لێکۆلینەوەی پرۆسەی فێربوون دەدەن, بەو پێیەی کرۆکی مەعریفەی دەروونی پێکدەهێنێ, زۆرینەی ڕەفتارە مرۆییەکانیش زادەی ئەو پرۆسەیەن.

### * تیۆری مەرجداری کلاسیکی (ئیڤان باڤلوف):

ئەم تیۆرە تایبەتە بە زانای ڕووسی باڤلۆڤ کە لەساڵانی (1849-1936) ژیاوە,لەروسیا لەدایکبووە, ئەو وەك بەرێوەبەرێك لەتاقیگەی فسیۆلۆژی کاری دەکرد, بەو سیفەتەی باڤلۆڤ پسپۆری زانستی چالاکی ئەندامەکانی جەستە بوو, هەستا بە ئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەیەك لەسەر چالاکی کۆئەندامی ڕژێنەکان بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی ئەو ڕژێنانە بەپرۆسەکانی هەرس لای ئاژەڵ, واتە هەستا بە پێوانەکردنی لیکی سەگ لەو کاتەی کە خواردنی پێشەکەش دەکرێت.

**※ ئەم تیۆرە چەند ناوێکی دیکەشی هەیە, وەك:**

1- وەلامدانەوەی مەرجدار.

2- مەرجی پاڤلۆڤی.

3- فێربوونی کاردانەوەیی.

4- مەرجایەتی کلاسیکی

5- پەیوەستی مەرجایەتی.

## بیرۆکەی تیۆرەکەی پاڤلۆڤ:

1- وروژێنەرێکی بێلایەن (مثیر محاید) دوای ئەوەی چەند جارێك هاوکات و هاوشانی وروژێنەری سروشتی (مثیر طبیعی) دەبێت ئەوا دوای ماوەیەك ئەو رورژێنەرە بێلایەنە هێزو گورِوتینی وروژێنەرە سروشتییەکە وەردەگرێ کە پاڤلۆڤ ناوی ناوە وروژێنەری مەرجی (المثیر الشرطی).


واتە وروژێنەرە بێلایەنەکە دوای کاریگەری و کارکردن وەك وروژێنەرە سروشتییەکە ناوەکەی دەگۆرێ بۆ وروژێنەری مەرجی.

## ※ تاقیکردنەوەکەی پاڤلۆڤ:

پافلۆف لە یەکێك لە تاقیکردنەوەکانیدا دەنگی زەنگی وەك وروووژێنەرێك بۆ سەگێك بەکارهێنا, بارودۆخێکی وای بۆ سەگەکە دەخوڵقاند کە هیچ دەنگ و وروژێنەرێك کاری تێنەکات, بۆ ئەوەی مێشکی سەگەکە سەرقاڵی ئەم لاو ئەلا نەبێت, کاتێك سەگەکە برسی دەبوو . ئەوا پافلوف زەنگی جەرەسەکەی لێدەدا (وروووژێنەری بێلایەن)، دوای چرکەیەك لە لێدانی جەرەسەکە . ئەوا پافلوف هەندێك خواردنی

( وروژێنەری سروشتی ) بۆ دەبرد و هەرکە چاوی بە خواردنەکە دەکەوت دەیخوارد . ئەوا لیکەکەی دەرژا ( وەڵامدانەوەی سروشتی ), بەڵکو بە بینینی توێژەرەکەش

( وروژێنەری بێلایەن) هەر لیکەکەی دەرژا(وەڵامدانەوەی مەرجی), دوای ماوەیەك زەنگ لێدان ( وروژێنەری بێلایەن) بەس بوو بۆ رژاندنی لیکەکەی (وەڵامدانەوەی مەرجی), کە لەڕاستیدا لیك (وەڵامدانەوەی سروشتی) هیچ پەیوەندی یەکی بە زەنگەوە (وروووژێنەری بێلایەن) نیە, بەڵام دوای چەند جار پێکەوە دەرکەوتنیان بەیەکەوە, ئەوا وروژێنەرە بێلایەنەکە (زەنگ, رووناکی, توێژەر) هێزو گورِو تین و کاریگەری وروووژێنەرە سروشتییەکە (خواردن) وەردەگرێت.




## 1- چەمکە سەرەکیەکانی تیۆری پاڤلۆڤ

1- ورووژێنەری نامەرجی یان سروشتی:

واتە هەر رووداوێك ببێتە هۆی رووداني وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی خۆنەویست ، واتە پێویستی بەفێربوون نیە ، وەڵامدانەوەشی بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت . ( خواردن لیك )

2- ورووژێنەری بێلایەن:

ئەم ورووژێنەرە کاریگەری لەسەر رەفتار نیە .

3- ورووژێنەری مەرجی:

ئەم ورووژێنەرە بێلایەنە پاشان توانای ئەوەی دەبێت کەوەڵامدانەوە دروست بکات لەئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ ورووژێنەری سروشتی و خاسیەتەکەی وەردەگرێت.

( زەنگ خواردن لیك )

4- وەڵامدانەوەی نامەرجی یان سروشتی:

ئەمە خۆنەویستە ( لاإرادیە ) . کەئەنجام دەدرێت بەرامبەر ورووژێنەر سروشتیەکان . واتە پێویستی بەفێربوون نیە . ( خواردن لیك )

5- وەڵامدانەوەی مەرجی:

ئەمە وەڵامدانەوە یان پەرچەکرداری سروشتی یە کە فێری دەبین لەئەنجامی تێکەڵبوونی وروژێنەری بێلایەن بەوروژێنەرە سروشتیەکان .

( زەنگ لیك )

**یاساکانی مەرجداری**

1- کوژانەوە :

واتە وەستانی دەرکەوتنی وەڵامدانەوەی مەرجی فێرکراو لەبەرامبەر وروژێنەری مەرجی ، ئەمەش لەئەنجامی بوونی وروژێنەری مەرجی و دەرکەوتنی چەند جارێك بەتەنها . بەبێ ئەوەی وروژێنەری سروشتی بەدوایدا بێت. بۆ نموونە : چەند جارەك زەنگی لێدا و خواردنی نەدا سەگەکە ، تێبینی کرد چیتر وەلامی نابی (رژاندنی لیك) .

2- گشتاندن :

واتە یەك وەڵامدانەوە بەرامبەر بەکۆمەڵێك وروژێنەری هاوشێوە. بەڵام جیاوازن بۆ نموونە : لەم تاقیکردنەوە گەر جگە لەزەنگەکە مۆسیقایەك یا ئەوا هەمان وەڵامدانەوەی دەبوو.

3- جیاکاری ( التمییز ):

وەڵامدانەوە بەرێگەی جیاواز بۆ کۆمەلێك وروژێنەری هاوشێوە. واتا وەڵامدانەوەی تەنها بۆ وروژێنەرە هاندراوەکان یان پاڵپشتیکراوەکان دەبێت ,وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرە ناپاڵپشتیکراوەکان نابێت. بۆنموونە : (مندالً کاتێ فێری وشەی (دایە ) دەبیت بە هەموو کەسێك دەڵێت (دایە ) بەڵام دواتر فێری جیاکردنەوەی دایکی دەبێت لەکەسانی تر.

4-گەڕاندنەوەی ئۆتۆماتیکی ( الاسترجاع التلقائی ):

کوژانەوە نابێتە هۆی لاچوونی وەڵامدانەوەی مەرجی بەشێوەیەکی کۆتایی ، دوای ماوەیەك دەگەرێتەوە و پێویستی بەهیچ پاڵپشتیەك نابێت و وروژێنەری مەرجی لەتوانایدا هەیە وەڵامدانەوەی مەرجی سەرلەنوێ دروست بکات . بۆیە پێی دەوترێت گەڕانەوەی ئۆتۆماتیکی.

- 5- وەرگرتن یان پەیوەستبوون ( الاكتساب أو الاقتران ):

واتا تێکەڵبوونی وروژێنەری بێلایەن و سروشتی .وئەمە بەهۆی چەند فاکتەرێك دەبێت:

أ- ریزبەندی پێشکەشکردنی وروژێنەرەکان .

ب- ماوەی نێوانیان

ج- بەهێزی وروژێنەر

- 6- رێگریکردن ( الكف ):

واتا لاوازبوونی وەڵامدانەوە بەرەبەرە و دوایی نەمانی وەڵام ، پێشکەشکردنی وروژێنەری مەرجی بەتەنها و بێ وروژێنەری نامەرجی. نموونە دەنگی زەنگ و نەبوونی خواردن چەند جارێك دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لیك دواتر نەمانی لیك.

※ لێکدانەوەکەی تیۆری مەرجایەتی پاڤلۆف:

- لێکدانەوەکەی تیۆری مەرجایەتی پاڤلۆڤ بریتی یە لە دروست بوونی پەیوەست بوونی نێوان وروژێنەری مەرجی و وەڵامدانەوەی سروشتی, لەرێگای دووبارەکردنەوەی نزیکردنەوە یان پەیوەست بوون (عن طريق تكرار الاقتران او الارتباط) لەنێوان وروژێنەری مەرجی و وروژێنەری سروشتیدا لەبنەرەتدا وەڵامدانەوەی سروشتی دەبێت.

**※ تیۆرەکەی باڤلۆف لەسەر چەند گریمانەیەك بونیادنراوە:**

1. **لەتوانادا هەیە کە هەموو وروژێنەرێکی بێلایەن بگۆردرێ بۆ وروژێنەرێکی مەرجی و هەمان وەڵامدانەوە دروست بکات کە وروژێنەری سروشتی دروستی دەکات . ئەوەش لە رێگەی مەرجایەتی و پێکەوە بەستنەوە و دەرکەوتنی وروژێنەری بێلایەن و سروشتی بەیەکەوە بۆ چەند جارێك و لە یەك کاتدا.**
2. **وروژێنەرە بێلایەنەکان . دوای چەند جارێك پێکەوە دەرکەوتنیان و دووبارە بوونەوەیان هەمان هێزو توانای وروژێنەرە سروشتیەکە وەردەگرن.**
3. **دوای ماوەیەك وروژێنەرە بێلایەنەکە ( محايد ) هێزو گروتینە وەرگیراوەکەی کەم دەبێتەوە تا دوا جار نامێنێ و وەڵامدانەوەی مەرجایەتی ( ليك رژان) دەرناکەوێت .**
4. **لەوانەیە هەر لە خۆیەوە کوت و پڕ وەڵامدانەوەی مەرجایەتی (ليك رژان) دووبارە دوای ماوەیەك لە کوژانەوە و نەمانی دەربکەوێتەوە . لە کاتی دەرکەوتنی وروژێنەری بێلایەن ( مەرجی) ( رووناکی . دەنگی زەنگ . بینینی توێژەر) بە بێ ئەوەی وروژێنەری سروشتی ( خواردن) هاوشانی بێت و ببێت بە پاڵپشتی.**
5. **لە توانادا هەیە کە گشتاندنی وروژێنەر ( تعميم المثير ) بکرێت و وروژێنەری بێلایەنی یەکەم ( زەنگ ) ببێت بە هۆکارو سەرچاوە بۆ وروژێنەری دووەم ( رووناکی) .**
6. **لە توانای بوونەوەردا هەیە (سەگ . مرۆڤ) جیاوازی لە نێوان وروژێنەرەکاندا بکات و وەڵامدانەوەی بۆ ئەوانە هەبێت . کە هاوکات و هاوشانی وروژێنەرە سروشتیەکەیە.**

*** سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری باڤلۆڤ:**

**1. لە تواناداا هەیە منداڵ و قوتابی لە ڕێگەی ( هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتی ) وە فێری زۆر ڕەفتارو ڕەوشت بکرێت ئەویش بە پەیوەست کردن و دووبارە بوونەوەی هەردوو وروژێنەری سروشتی و وروژێنەری بێلایەن (ناسروشتی)**

**2. هەردوو پرۆسەی گشتاندن و جیاکردنەوە ( التعميم والتمييز ) دوو پرۆسەی گرنگن لەبواری پەروەردەو فیرکردندا دەتوانرێت سوودێکی زۆریان لەبواری خوێندندا لێ وەربگیرێت وگرنگی خۆشیان لەلێکدانەوەی زۆربەی لایەنی فێربوونی مرۆڤدا هەیە.**

**3. دەتوانرێت لە ڕێگەی هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتیەوە کۆمەلێك ئاراستەو ڕاوبۆچوونی باش و پۆزەتیڤ لەلای منداڵ بەرانبەر بە مامۆستاو هاورێکانی و خوێندن دروست بکرێت.**

**4. هەروەها دەرکەوتووە کە پاداشتی دەرەکی ( التعزيز الخارجي) گرنگی خۆی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا هەیە . بۆ نموونە : بە شان و باڵ هەلّدان ( مدح) دەبێتە هۆی زوو فێربوون . بەڵام لۆمەو گلەیی و گازاندە دەبنە هۆی وازهێنان لە کارو خوی خراپ .**

**5. دەکرێت سوود لە تیۆرو دەرئەنجامی توێژینەوەکانی باڤلۆڤ وەربگیرێت بۆ چارەسەرکرنی ترس و دلەراوکێ و خەم و خەفەت و گرژی لای منداڵ و گەورە ئەویش لەرێگای دژە هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتی.**

**6- دەکرێت سوود لە بیروبۆچونەکانی باڤلۆڤ دەربارەی کوژاندنەوە وەربگیرێ بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی زۆر ڕەفتاری نابەجێ و خوی هەلّەی مندالان لەکاتی خوێندن و نووسین و بیرکاری تووشیان دەبن**